# ئیرادەی لە سیاسەتخستنی رۆشنبیران

جەمال پیرە

لای هەمووا نمان ئاشکرایە کە بەدرێژایی مێژوو شێوە ململانێیەکی دەسەلاٌت و رۆشنبیران بە پێی ئاستی تێگەیشتنی سەردەمی خۆی لە ئارادابووە، ئەم ململانێیە ئەگەر زۆرجار لەدوای خۆیدا کارەساتێکی نابێتەوە زۆرجاریش بەقازانج بۆ مرۆڤ کەوتۆتەوە ،وەك ئەوەی کە لەژێر کاریگەریی و پاڵە پەستۆی داخوازییەکانی رۆشنبیرانەوە توێژی دەسەلاٌتدار ناچارکراوە سنورێك ئەگەر کەمیش بێت بۆ رەفتارەکانی دابنێ، لەبەر ئەوەی بەگشتی ململانێکە بەردەوام لەنێوان دوو بەرەدا دەبینرێتەوە ،بەرەی هێزی مۆنۆپۆلکەر ئەوانەی کە لە چینێکی دەستەبژێری دەسەلاٌتداردا پێکدێن و بەهەر شێوەیەك بێت دەسەلاٌتی گرتۆتە دەست کە من لێرەدا نامەوێ بە وردی لە شێوازو رێچکەکانی دەسەلاٌتگرتنە دەست بدوێم ، و بەرەی دوو هەمیش بە رەی ئەوانەی کە لە دەرەوەی دەسەلا تدا خاوەن توانا یەکی تری تێگەیشتن و ئامادەیی بەرەنگا ربوونەوەو رەخنەگرتنیان تێدایە ، هەڵبەتە لەسەر ئەم هاوکێشەیەدا زۆرینەی تیۆرو پرەنسیپە مرۆییەکانی لە شێو ەی دیموکراسی و ما فی مرۆڤ خراونەتە روو ، چونکە بەگشتی دارێژەرانی ئەم پرەنسیپانە ئەوانەن کەلە بەرەی دووهەمدا خۆیان دەبیننەوە نەك چینی دەسەلاتدار ، لێرەدا ئەوەی گرنگە توێژینەوەی ئەو گوتارەیە کە نوێنەرانی بەرەی دووم هەڵگرییەتی ، ئێستاش لەم ساتەوەختەدا مرۆڤایەتی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەهەست بەوە بکات گوتاری رۆشنبیران لەحەقیقەتدا گوتارێکی رەخنەگرانەیەو بەگیانێکی داهێنەرانە بارگاویکراوە گوتارێکە لەهیچ کون و کەلەبەرێکی هەستپێکراودا ناسلەمێتەوە لەبەرامبەر ئەوشتانەشیکە پێشتر وەك کائینێکی مو قەدەس لەهزری مرۆڤدا چەسپاوە، قسەی خۆی دەکات، پرسیار ی لێدەکات ، واتە شێوازێك لەبەرەنگاری لەخۆوە دەگرێت کە دواتر دەبێتە مایەی نارەحەتی دەسەلاٌتدارانیسیاسی و کۆمەلاٌیەتی ،ئەوانەی کە هەموو ئا زادییەك و داد پەروەرییەك بەتەنها لەچاوی مانەوەی کورسییەکەی خۆیاندا دەبینن ، گوتاری ڕۆشنبیرانی راسەقینە گوتارێگە بەردەوام لە شەڕی ئازادییەکانی دایە ، حە تمەن لەوەها حاڵەتێکیشدا تاکە لایەنێك کە شایانی ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە چارەنوسسا زانە بێت بەتەنها دەسەلاٌتدارانن ، گوتارێکە هێندەی واقیعییانە دەوروپشتی خۆی دەبینێ نیو ئەوەند ە بەلای وەهم و دروشمی زەبەلاح و خەیاڵی ناچێ، دنیایەکی گەرەکە ئاسودەیی ببەخشێتە هەموو لایەك ، بەردەوام دەیەوێ کار بۆ بە ئاسۆییکردنی بیروڕاکان بکات نەك گوێرایەلی ستو نیانە ، باس لەکرانەوەی کۆمەڵ دەکات بەلاٌم لەخۆیەوەنأ، بەلٌکو لەبەردەم هۆشیارییەکدا ،کەچی دەسەلاٌتدارانیش بۆ مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان قسە لەسەر کرانەوە دەکەن بەلاٌم دوور لە هۆشیارییە پێویستەکەی، مادام لێرەدا ململانێکە بۆ تەنها دوو بەرەی دژ کورتکرایەوە دەبێت لە وردکاریی ئەو ئەگەرە تێبگەین کە دەسەلاٌتدارانی نا دیموکراسی لە مەسەلەی بەسیاسیبوونی رۆشنبیراندا نەخشەیان بۆ داڕشتووە ،دەسەلاٌتی نادیموکراسی کامە رۆشنبیریی قەبوڵە؟ یان چەند لەگەڵ بەسیاسیبوونی رۆشنبیران دایە؟ لەراستیدا وەلاٌمی ئەم پرسیارانە لە واقیعیی ئێمەدا وەلاٌمی قورس و ئاڵۆز نین بەلاٌم گرنگییەکە لە شرۆڤەکردنی کێشەکەدایە لەو سەردەمەی ئازادییەکان و دابەشکردنی دەسەلاٌتەکان و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی کراوە، چونکە لە پشتی ئەو( نا ) یەی دەسەلاٌتدا ،ویستێکی دۆگمایی هەیە، ئیرادەیەك هەیە نایەوێ کەس بە چاویلکەیەکی رەخنەگرانە لێیەوە بڕوانێت، هەر بۆیەشە بەتەنها وەلاٌمێکی شیاو بۆ مانەوەی خۆی، دروستبوونی ئیرادەی لە سیاسە تخستنی رۆشنبیرانە بە گشتی، ئەو دەیەوێ رۆشنبیران تا ئەو ئاستە سیاسی بن کە چاوپۆشی لە رەخنە بکات و لەگەڵیدا بە خواست و ویستی ئەودا لە شتەکان رامێنێ، ئەمەش نەك هێرشێکی کوێرانەیە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ بەڵکو نانەوەی کێشەیەك و فەزایەکی ئەخلاقی کۆنە پارێزە، ئەوەی کە زەرووره لێرەدا باس بکرێ بەبڕوای من دەرخستنی ئەو ئیرادانەیە کە بەردەوام دەیانەوێ رۆشنبیر نەخزێتە ناو سیاسەت و بەو واتایەی کە بەشدار نەبێ لەو دەسەلاٌتەی کە لەسەر زەمینی واقیعدا دەستبەکارە، دیارە من لێرەدا بەتەنها ئەو ئیرادەیە لەلایەن دەسەلاٌتەو نابینم بەلٌکو

لەتەك ئەو ئیرادەیەدا هێزێکی تری راگەیاندن کە ئەمڕۆکە لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا باوە ئەویش لەلای خۆیەوە وەك حەرامێك لە لایەنگرێتی رۆشنبیران بۆ دەسەلآت دەڕوانن، کە لە راستیدا کاریگەرییە نێگەتیڤەکەی هیچی لەوەی یەکەم کەمتر نییە،کە دەسەلآتە. لایەنی دووەم ئەوانەی کە بەناوی رۆژنامەی ئەهلی یاخود گوتاری سەربەخۆو بێلایەن دەیانەوێ دەسەلآت و رۆشنبیران دوو لایەنی لەیەکتر جیابن، هەمیشە رەخنە لەو رۆشنبیرانە دەگرن کە لەنێو کایەکانی دەسەلآتدا بەشدار بوون،بێئاگا لەوەی کە دەسەلآتەکانی ئیمڕۆ واقیعێکن پێویستیان بە چاکسازی هەیە، پێویستسان بەوە هەیە رۆشنبیران ،گەنجان، عەقلی نوێ،لە داڕشتنی بڕیارەکاندا بەشدار بن لە پێناو مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی تەندروستتر،زەرورەتی بەشداربوونی نەوەی نوێ لە نێو دەسەلآتی کوردیدا بایەخێکی فراوانی هەیە ،لەلایەك بۆ ئایندەو لەلایەکی تریش بۆ بە پەراوێزکردنی عەقلی پیر لە دەسەلآتدا، ئەگەر ئەمڕۆ ئەو تەوژمە فیکرییە نوێیەی لاوان و رۆشنبیران نەخزێتە ناو سەنتەری بڕیار ئەوا دڵنیاین داهاتوویێکی رەش چاوەڕێمان دەکات، بۆیە ئەگەر بەم نەفەسە و بەوشێوازە جیاوازە بیر نەکەینەوە لەو باوەڕە دانیم بگەین بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو قەیرانانەی ئەمڕۆکە گەلی کورد لەم پارچەیەدا تێیکەوتووە، من نازانم ئالتەرناتیڤی بە پاسیڤکردنی رۆشنبیر لە ناو دەسەلآتدا چییە؟ ئەگەر بەدەنگهاتنی رۆشنبیران خۆیان نەبن لەبەشداریکردنی راستەوخۆیانە لە دەسەلآتدا ، بەمەرجێك رۆشنبیران هەڵگری پەیامە راستەقینەکەیان بن وەك ئەوەی کە رۆڵی سەرەکی خۆیان لە هێنانە کایەی هەڵومەرجێکی کراوە ببینێتەوە،بەشێوەیەك کە لەگەڵ خۆیدا توانایەکی خوڵقاندنی فەزای گۆڕینەوەی هەقیقەتە جیاوزییەکانیان هەبێت، بە دڵنیاییەوە دەڵێم نوخبەی سیاسی ئێستای واقیعی کوردستان ئەگەر بەتەنها لە مەیدانەکە بێت نارەحەتترین ئایندەمان بۆ مسۆگەر دەکات لەهەمانکاتدا لەوەش دڵنیام کە رۆشنبیرانی ئێمە دەتوانن رۆڵێکی گەورە ببینن لە بەرەو پێشبردنی ئەم واقیعەی ئێستاماندا، رۆشنبیرانی ئێمە ئەگەر لەخەمی بەرجەستەکردنی فەزایەکی دڵنیایانەترن،دەبێ کار بۆ ئەوە بکەن دەسەلآتی سیاسی ناچاری گوێگرتن بکات بەمەش ئەگەری رەخساندنی زەمینەیەکی لەبارتر بۆ سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی تری ئاراستەی فیکریی،زیندوو دەبێتەوە....

jamalpira@yahoo.com